# ئەستێرە

کاوە زەنگەنە
**2004**

ئەستێرە نەما من نەیژمێرم
زۆرچاوەڕێم کرد
بۆچ نەهاتی !
کاتژمێری دەستمم بێزار کرد..
هانام بۆ خوداو پێغەمبەران برد..
تریفەم گرتە باوەش و لاواندمەوە
بەهیوابووم هەر شەو بێت و
ڕۆژ نەبێتەوە !!

» «   » «   » «

چاوەڕێم کرد
هەر نەهاتی
گزنگت ڕاوکرد و
زەردی خەزان ڕێی پێ گرتی !
منیش بەهارم لەناو مشتما زیندانی کرد و
دوو بەدوو بەزەردەخەنەوە
چاوەڕێمان کردی

» «   » «   » «

زەردە لەگەل سەری هەڵداو
تۆ نەهاتی !
منیش کەنەفتی خەو بووم
بێ بەرەنگاری
دەستە بەست بووم !
لە خەومدا.. تۆ هاتیت و
لەلامەوە دانیشتی !
دەستت نایە سەرشانم و
چرپانت بە گوێما و
گووت..
- تاکە خۆشەویستی..
نەهاتمە گۆ...
خەو بەری دام...
سەد خۆزگا هەزاران ساڵ
لە ناو خەوبام !!!